# جامیعەی وڵاتە عەرەبییەكان، عەرەب نیین... هیشام ئاكرەیی

karzan@spray. se

دەسەڵاتدارانی باشووری كوردستان سەبارەت بە خاڵی ناسنامەی عێراق، دەڵێن ئەوان ڕازی نەبوونە عێراق بە وڵاتێكی عەرەبی دابنرێت، و تەنیا عێراق وەك ئەندامێكی جامیعەی وڵاتە عەرەبییەكان پەسەند كراوە.

ئەمەش بە قسەی سەركردەكانی هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار لە كوردستان، مانای ئەوە نییە كە عێراق وڵاتێكی عەرەبییە. بۆ چەواشەكردنی جەماوەری كوردستان، ئەو دوو دەسەڵاتە چەندان چاوپێكەوتنیان لەگەڵ لایەنگرانی خۆیان و ئەو كەسانەی دەزانن بۆ بیرۆكەكەیان قسەدەكەن، كردوە. تاوەكوو ئێستا یەك كەسی بەتوانای دژی بەو بیرۆكەیە یان نەهێناوەتە سەر كەناڵەكانی خۆیان، چونكە دەزانن ئەو كراسە دڕاوە پیان بینە ناكرێت و سەدان كونی تێدایە...

بۆ ئەوەی بەشێك لە ڕاستیەكان ئاشكرا بكەین، پێویست كرا بگەڕێینەوە بۆ دەستوور و میساقی جامیعەی وڵاتە عەرەبییەكان و بزانین ئایە بۆ وڵاتانی ناعەرەب هەیە ببنە ئەندام لەناو جامیعەی عەرەبیدا!!!

ئەگەر یەك وڵاتی ناعەرەبی لە ناو كۆمكاری عەربیدا هەبێت، ئەو كاتە با عێراقیش ببێتە وڵاتی دووەم و عەرەبی نەبێت.

لە بەندی یەكەمی دەستووری جامیعەی عەرەبیدا هاتووە:

مادة 1

تتألف جامعة الدول العربية من الدول العربية المستقلة الموقعة على هذا الميثاق. و لكل دولة عربية مستقلة الحق فی أن تنضم الى الجامعة، فإذا رغبت فی الانضمام ، قدمت طلباً بذلك يودع لدى الأمانة العامة الدائمة، و يعرض على المجلس فی أول اجتماع يعقد بعد تقديم الطلب.

كومكاری وڵاتە عەرەبیەكان لە وڵاتە عەرەبیەكانی سەربەخۆ پێكهاتووە، ئەوانەی ئەم میساقەیان ئیمزا كردوە. بۆ هەر دەوڵەتێكی سەربەخۆی عەرەبی هەیە ببێتە ئەندام لەم كۆمكارەدا، و ئەگەر ویستیان دەبێ داخوازنامەیەك بدرێتە ئەمیندراێتی دائمی، و پێشكەش بە ئەنجوومەن بكرێت لە یەكەم كۆبۆنەوەی دوای داواكاریەكەدا.

كەواتە تاوەكوو وڵاتێك ببێتە ئەندام لە جامیعەی عەرەبیدا، دەبێ لە سەرەتادا وڵاتێكی عەرەبی بێت.. هەر وڵاتێك عەرەبی نەبێت لەناو كومكاردا فبوڵ ناكرێت.

بەو واتایە، هەر كاتێك عێراق بۆ بە ئەندام لە كۆمكاری عەرەبیدا، بەشێوەیەكی ئوتوماتیكی دەبێتە وڵاتێكی عەرەبی... مەرجێكی هەرە سەرەكی قبوڵ كردنی هەر وڵاتێك لە جامیعەی عەرەبیدا، بەعەرب بوونی ئەو وڵاتەیە.

بۆ نموونە، تاوەكوو قوتابییەك لە زانكۆ وەربگیریت پێویستە دەرچووی قۆناغی ئامادەیی بێت، بەو واتایە هەر قوتابیەكی زانگۆ دەرچووی ئامادییە. بەو واتایە هەر وڵاتێك ئەندام بێت لە جامیعەی عەربیدا، عەرەبە.

لە دەستووری عێراقدا، هاتووە (عێراق ئەندامێكی كارای جامیعەی عەرەبییە و پابەندە بە هەموو ڕێكەوتنەكانی ئەو كۆمكارە. ئەگەر عێراق وڵاتێكی عەرەبی نەبێت، دەستووری جامیعەی عەرەبی ڕێگانادات ببێتە ئەندام لە جامیعەی عەرەبیدا..

بەندە بۆیە بۆ دەستووری جامیعەی عەرەبی گەڕایەوە، چونكە هەندێ كەسان دەیانەوێت یاری بە وشە كان بكەن، ونكۆڵی لە ڕاستی قبوڵكردنی ئەوان بە بەعەرەبوونی عێراق.

وابزانم (عومەر موسی) ای سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی و هەموو وڵاتەکانی تری عەرەبی شێت نیین، بەو دەقە ڕازی بن. .
لە لایەکی ترەوە جامیعەی عەرەبی دەیان ڕاوێژکاری یاسایی و قانوونیان هەیە و باش دەزانن کە هاتنی ناوی عێراق لە دەستووری عێراقدا وەك ئەندامێکی جامیعەی عەرەبی، واتای ئەوە دەدات کە عێراق لە سەرەتادا عەرەبییە، پاشان وەك ئەندام لە جامیعەی عەرەبیدا قبۆڵ دەکرێت.
هەلبەتە پێویست بە گەڕانەوە بۆ دەستووری جامیعەی عەرەبی نەدکرا، ئەگەر خودی شاندی کوردی و سیاسەتمەدارانی کورد هەولّی ئەوەیان نەدابا نکۆڵی لە ڕاستیەکان بکەن.
.
بۆ گەلی کورد و هەتتا منالێکی کوردیش بەس بوو، تەنیا ناوی جامیعەی وڵاتە عەرەبیەکان بخوێنتەوە تاوەکوو بزانێت عێراقیش وڵاتێکی عەرەبییە. . چونکە لە خودی ناوەکەدا دیارە کە جامیەی عەرەبی، کومکارێکی وڵاتە عەرەبیەکانە.
پاشە چوون عێراق لە کومکاری عەرەبیەدا قبۆڵ دەکرێت بێ ئەوەی خۆی وڵاتێکی عەرەبی بێت !!!!